# شەوڕەوی وبەرزبوونەوەی پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)

[ kurdish – کوردی – كردي ]

ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# إسراء ومعراج الرسول ( ﷺ )

« باللغة الكردية »

أوميد عمر جروستاني

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# شەوڕەوی وبەرزبوونەوەی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

**پێناسەی ( الاسراء ) لەزمانەوانی وشەرعدا :**
ووشەی (الاسراء) لەزمانەوانیدا : لە ووشەی (السري) وەرگیراوە واتە : ڕۆشتن بەشەو یان زۆرینەی شەو، وە ووتراوە :رۆشتن بەدرێژای هەموو شەو .

وە دەوترێت : سريت : واتە بەشەو ڕۆشتن، یان ووتراوە : أسريت، واتە : شەو ڕەویم پێکراوە، حەسانیش (خوای لێ ڕازی بێت) ووتویەتی : أسـرت إليـك ولـم تكن تسـرى واتە : بەشەو هاتم بۆلات بەڵام تۆ لەشوێنی خۆت نەجوڵایت.

ووشەی (الاسراء) لەشەرعیشیدا : مەبەست پێی شەو ڕەوی پێغەمبەری خودایە ( صلى الله عليه وسلم ) لە مزگەوتی حەرامەوە لە شاری مەککە بۆ مزگەوتی ئەقصای بيت المقدس لە ئیلیا وگەرانەوەی هەر بەو شەوە .

**هەقیقەتی شەو ڕەوی پێغەمبەری خودا ( صلى الله عليه وسلم ) لەگەڵ بەڵگەکانی**

شەو ڕەوی یەکێکە لەبەڵگە زۆر گەورەکان، کە خوای گەورە پێش کۆچکردنی بۆ شاری مەدینە پاڵپشتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ی پێکرد، بەو شێوەیەی کە شەوڕەوی پێکرد لە مزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقصی بەسواری وڵاخێك کە پێی دەڵێن (بوراق) بەهاوڕێیەتی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێت) تا گەشتە (بيت المقدس) ئەمجا ئەو (بوراق)ـەی بەست بە هەڵقەیەکی دەرگای مزگەوتەکەوە، پاشان پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ڕۆشتە ناو مزگەوتەکەوە، وبوو بە ئیمام ونوێژی بەکۆمەڵی کرد بۆ پێغەمبەران (سەلامی خوایان لێ بێت)، پاشان جوبرەئیل قاپێك شەراب و قاپێك شیری بۆ هێنا، پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) شیرکەی هەڵبژارد، جوبرەئلیش پێی فەرموو : ڕێنموونی کرای بۆ ئەو فیطەرەتە پاکەی کە خوای گەورە مرۆڤی لەسەر دروستکردووە، دەقەکانی قورئانی پیرۆز وفەرموودەکانیش بەڵگەن لەسەر ڕووداوی شەو ڕەوی :

خوای گەورە فەرموویەتی:﴿سُبْحَانَ الَّذِي أَسْرَىٰ بِعَبْدِهِ لَيْلًا مِنَ الْمَسْجِدِ الْحَرَامِ إِلَى الْمَسْجِدِ الْأَقْصَى الَّذِي بَارَكْنَا حَوْلَهُ لِنُرِيَهُ مِنْ آيَاتِنَا ۚ إِنَّهُ هُوَ السَّمِيعُ الْبَصِيرُ [ سورة الإسراء آية : ١ ] واتە : پاکەو خاوێنە لەهەرشتێکی ناپەسەندو خراپ، ئەو خوایەی کە شەوڕەوی بەبەندەی خۆی (موحەممەد) (صلى الله عليه وسلم) کرد لەبەشێکی زۆر کەمی شەوێکدا، لەمزگەوتی (حەرام) ـەوە لەمەککەدا بۆ مزگەوتی

ئەقصی لە (بیت المقدس) ی فەلەستیندا، ئەو مزگەوتەی ئێمە دەوروبەریمان پیرۆزو پیتدارکرد بەجۆرەها نیعمەت و میوەو میوەجات و، کردیشمانە بارەگای پەیامبەران، تا هەندێك نیشانەو بەڵگەو دەسەڵاتداری و توانایی خۆمانی نیشان بدەین، بەڕاستی ئەو زاتە بیسەرو بینایە .

بەڵگەش لە سوننەتی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) : عن أنس بن مالك عن ثابت البناني عن النبي ( صلى الله عليه وسلم ) قال: « أتيت بالبراق " وهو دابة أبيض طويل فوق الحمار ودون البغل يضع حافره عند منتهى طرفه " قال: فركبته حتى أتيت بيت المقدس. قال: فربطته بالحلقة التي يربط به الأنبياء، قال: ثم دخلت المسجد فصليت فيه ركعتين، ثم خرجت فجاءني جبريل عليه السلام بإناء من خمر وإناء من لبن فاخترت اللبن. فقال جبريل ( صلى الله عليه وسلم ) اخترت الفطرة » [ صحيح مسلم برقم (١٦٢) ]
واتە : پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ئەفەرموێت : بوراقێکیان بۆ هێنام وڵاخێکی سپی بوو باڵابەرز بوو لەگوێدرێژ گەورەتر ولە هێستریش بچوکتر بوو، کەدەڕۆیشت هەتا چاو بڕی بکردایە ئەمجا سمەکانی دادەنا، دەفەرموێت سواری بووم هەتا گەشتمە بیت المقدس، ئەفەرموێت ئەمجا ووڵاخەکەم بەست بەوهەڵقەیەوە کە پێغەمبەران پێوەیان دەبەست، ئەفەرموێت : پاشان چوومە ناو مزگەوتەوە ودوو ڕکات نوێژم تێدا کرد، ئەمجا

چوومە دەرەوە، وجوبرەئیل هات بۆلام قاپێك شەراب و قاپێك شیری پێ بوو، منیش شیرەکەم هەڵبژارد، جوبرەئیل فەرمووی : تۆ فیطرەتت هەڵبژارد . ئەمجا بەشەکەی تری فەرموودەکەی لەگەڵ بەرزبوونەوەی بۆ ئاسمان باسکرد .

ئەم فەرموودەیە وچەندانی فەرموودەی تریش بەڵگەن لەسەر بەرزبوونەوەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بۆ ئاسمان، هەندێکیان لە صەحیحی بوخاری وموسلیمدا هاتوون، وەهەندێکی تریشی لە سونەنەکاندا هاتوون، ئەم ڕووداوەش کۆمەڵێکی زۆر لە هاوەڵە بەرێزەکان کە دەگەنە سی هاوەڵ لە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) وە ڕیوایەتیان کردووە، دوای ئەوانیش کۆمەڵێکی زۆر لەڕیوایەتکارانی سوننەت وپێشەوایانی ئیسلام لەهاوەڵەکانەوە گێراویانەتەوە ونقڵیان کردووە .

زانایانی سەلەف وخەلەف یەکڕا وکۆدەنگن لەسەر ڕاستی ودروستی وشەوڕەوی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) ، قاضي عیاضیش لە (الشفاء) وسەفارینی لە (لوامع الانوار) دا کۆدەنگی زانایانیان باسکردووە لەسەر شەوڕەوی پێغەمبەر (صلى الله عليه وسلم)، گومان لەوەیشدا نییە کە شەوڕەوی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بە ڕۆح و لاشەی بووە، بەخەبەر بووە و لەخەودا نەبووە، ئەمە ئەوەیە کەدەقە صەحیحەکان بەڵگەن لەسەری وگشت هاوەڵ وپێشەوایانی ئەهلی سوننەت ولێکۆڵەرەوەکانی ئەهلی زانست باوەڕیان پێی بووە .

ابن العز الحنفي لەباسی شەوڕەوی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) دا ئەڵێت : لەسەر ڕای دروست پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بەلاشە شەوڕەوی پێکراوە و بەخەبەریش بووە، لە مزگەوتی حەرامەوە بۆ مزگەوتی ئەقصی.... قاضي عياضيش ئیقراری ئەوە دەکات :کە ڕای زۆرینەی ئەهلی عیلم لە هاوەڵە بەڕێزەکان ئەوەیە کە پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم) بەلاشەی شەوڕەوی پێکراوە وبەخەبەریش بووە و لەکاتی خەودا نەبووە، ودەڵێت : زۆرینەی سەلەف وموسڵمانان لەسەر ئەوەن کە شەوڕەوی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) بە لاشە بووە و لەکاتی خەبەریشیدا بووە، ئەمەش ڕاست وهەقە، ئەمە ڕای هەریەك لە ابن عباس وجابر، وأنس، وحذيفة، وعمر، وأبي هريرة، ومالك بن صعصعة، وأبي حبة البدري، وابن مسعود، والضحاك، وسعيد بن جبير، وقتادة، وابن المسيب، وابن شهاب، وابن زيد، والحسن، وإبراهيم، ومسروق، ومجاهد، وعكرمة، وابن جريج، وهو دليل قول عائشة، وهو قول الطبري وابن حنبل، وکۆمەڵێکی زۆر لە موسڵمانان، وە ڕای زۆرینەی زانایان و فەرموودەناسان وڕاڤەکارانی قورئانیشە .

یەکێك لە لێکۆڵەرەوان وموحەقیقە ناودارەکانش ڕەخنە لەو کەسانە دەگرێت واگومانیان بردووە کە شەوڕەوی دووجار بووە، ودەڵێت : ڕای ڕاست ودروست کە پێشەوایان گواستویانەتەوە بۆمان ئەوەیە کە شەوڕەوی یەکجار بووە لە مەککەوە پاش بوون

بە پێغەمبەرێتی بووە، ئای چەند عەجیبیشە، بۆ ئەو کەسانەی گومانیان بردووە کە شەوڕەوی چەندجارێك ڕوویداوە، باشە چۆن بۆیان دەچێتە سەر کە وای بۆ بچن لەهەموو جارێکیشدا پەنجا نوێژی لەسەر فەرزکرابێت، ودواتر هاتووچۆی بووە لەنێوان پەروەردگاری و موسی دا، تا ژمارەی نوێژەکانی بۆ بکات بە پێنج نوێژ، وپاشان خوای گەورە پێی دەفەرموێت : فەرزەکانم تەواو کردن و لەسەر بەندەکانم سووك کردن، ئەمجا لەدووەم جاردا جارێکی تر گەڕابێتەوە بۆ پەنجا نوێژ، دواتر دەنوێژ دەنوێژ لەسەری لابردبن .

**بەرزبوونەوەی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) وهەقیقەتەکەی :**

لەدەقەکان ووتەی زانایاندا هەرکاتێك قسە لەسەر شەوڕەوی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) کرابێت شان بەشانی ئەویش قسە لەسەر بەرزبوونەوەکەی کراوە، بۆیە زۆر جێگای خۆیەتی لێرەدا پێناسەی بەرزبوونەوەیش بکەین ولەسەری بدوێین .

**معراج :** مەبەست پێی ئەو هۆکارەیە کە پێی بەرز بووەتەوە، ئەوەش لەجێگای پەیژە بووە، بەڵام ئێمە شێوەکەی نازانین، وە مەبەست لە میعراج بە ڕەهای لەشەرعدا : بەرزبوونەوەی پێغەمبەرە ( صلی الله علیه وسلم ) بەهاوڕێیەتی جوبرەئیل (سەلامی خوای لێ بێت) لە بیت المقدسەوە بۆ ئاسمانی دونیا

وپاشان بۆ هەموو ئاسمانەكان تا ئاسمانی حەوتەم، وئەمجا بینینی پێغەمبەران وسەلام لێكردنیان وپێشوازی كردنی ئەوانیش بۆ پێغەمبەر( صلی الله علیه وسلم ) لەئاسمانەكان هەرەیەك لەپلەومەقامی خۆیدا، دوای بەرزبوویەوە بۆ (سردة المنتهی) [ سدرة المنتهی : درەختێكی پڕگەڵاو سێبەر خەست و چڕو پڕە، لە ئاسمانی حەوتەمدایەو نزیكی عەرشە ] . ولەوێدا جوبرەئیلی لەسەر ئەو شێوازەی كە خوا دروستی كردووە بینی، هەر لەو شەوەدا خوای گەورە پێنج نوێژەكانی لەسەر فەرزكرد، ولەگەڵیشیدا قسەی كرد، لەكۆتایشدا دابەزیەوە بۆ سەر زەوی، وە ڕای ڕاست ودروستیش ئەوەیە كە بەرزبوونەوە بۆ ئاسمان هەرهەمان شەوی شەوڕەویەكە بووە .

دەقەكانی قورئانی پیرۆز وسوننەتیش بەڵگەن لەسەر بەرزبوونەوەی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم ) ، بەڵگەی لەقورئاندا : لەچەند ئایەتێكی بەرز وپیرۆز باسی هەندێك لەو شتانە كراوە كە لەو شەوەدا ڕوویانداوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ أَفَتُمَارُونَهُ عَلَىٰ مَا يَرَىٰ ﴿١٢﴾ وَلَقَدْ رَآهُ نَزْلَةً أُخْرَىٰ ﴿١٣﴾ عِنْدَ سِدْرَةِ الْمُنْتَهَىٰ ﴿١٤﴾ عِنْدَهَا جَنَّةُ الْمَأْوَىٰ ﴿١٥﴾ إِذْ يَغْشَى السِّدْرَةَ مَا يَغْشَىٰ ﴿١٦﴾ مَا زَاغَ الْبَصَرُ وَمَا طَغَىٰ ﴿١٧﴾ لَقَدْ رَأَىٰ مِنْ آيَاتِ رَبِّهِ الْكُبْرَىٰ ﴾ [ سورة النجم آية : ١٢ - ١٨ ] واتە : جا ئایا ڕاستە؟ ئێوە موجادەلەی لەگەڵدا دەكەن لەسەر شتێک كەئەو دڵنیایە لەدیتنی * سوێند بەخوا

بێگومان جارێکی تر جوبرەئیلی بینیوە *جاری دووەمیش لە لای (سدرة المنتهی)دا، کە (سیدرەش) لە ئاسمانی حەوتەمدایەو نزیکی عەرشەو درەختێکی پڕگەڵاو سێبەر خەست و چڕو پڕە *کە لای ئەوەوەیە بەهەشتی نیشتەجێ بوون * لەو شەوەدا بەفەرمانی خوای گەورە شتێك ئەو درەختەی داپۆشی کە هیچ کەسێك جگە لە خوای گەورە وەصفی نازانێت *چاوی پێغەمبەر کلا نەبوو لەوەی دیتی، تەجاوزیشی نەکرد لەوەی بۆی دیاریکرابوو، بەڵکو هەر تەماشای ئەوەی دەکرد * بێگومان پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) لەو شەوەدا لەبەڵگە و نیشانە و موعجیزە گەورەکانی پەروەردگاری بینیووە، بەچاوی سەری، بەهەموو هەستی .

خوای گەورە لەم چوارچێوەی ئەم ئایەتە گەورە وپیرۆزانەدا باسی ئەو موعجیزە گەورەیەی کردووە کە ڕێزی پێ نا لە پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) لەشەوی بەرزبوونەوەدا، لە بینینی جورەئیل (سەلامی خوای لێ بێت) لای (سدرة المنتهی)ئەو درەختە پڕ لەگەڵا سێبەر چڕوپڕەی لەئاسمانی حەوتەمدایە، دوای ئەوە کەس ناتوانێت لەوە زیاتر بەرز ببێتەوە، ئەوەیش بینی کەبەفەرمانی خوا شتێك ئەو درەختەی داپۆشی زۆر سەرسوڕهێنەر بووە، عەبد اللە ی کوڕی عەباس ومەسروق دەڵین : ئەوەی ئەو درەختەی داپۆشی فەرشێك بوو لە زێڕ .

زیاتر لەفەرموودەیەکیش بەدرێژی باسی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) یان کردووە بۆ ئاسمان، لەو فەرموودانەیش ئەو فەرموودەیەی ئەنەسی کوڕی مالیکە کە لەباسی شەوڕەویدا باسمان لێوە کرد، ئەوەیشی پەیوەندی بە بەرزبوونەوەوە هەیە پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « ثم عرج بنا إلى السماء فاستفتح جبريل. فقيل: من أنت ؟ قال: جبريل. قيل: ومن معك ؟ قال: محمد. قيل: وقد بعث إليه ؟ قال: قد بعث إليه. ففتح لنا فإذا أنا بآدم فرحب بي ودعا لي بخير » [البخاري بدء الخلق (٣٠٣٥)، مسلم الإيمان (١٦٢)، النسائي الصلاة (٤٤٨)، أحمد (١٤٩/٣)] ثم ذكر عروجه إلى السماوات وملاقاته الأنبياء إلى أن قال : « ثم ذهب بي إلى سدرة المنتهى وإذا ورقها كآذان الفيلة، إذا ثمارها كالقلال. قال: فلما غشيها من الله ما غشيها تغيرت. فما أحد من خلق الله يستطيع أن ينعتها من حسنها. فأوحى الله إلي ما أوحى. ففرض علي خمسين صلاة في كل يوم وليلة، فنزلت إلى موسى ( صلى الله عليه وسلم ) فقال: ما فرض ربك على أمتك ؟ قلت: خمسين صلاة. قال: ارجع إلى ربك فاسأله التخفيف فإن أمتك لا يطيقون ذلك، فإني قد بلوت بني إسرائيل وخبرتهم. قال: فرجعت إلى ربي. فقلت: يا رب خفف على أمتي. فحط عني خمسا. فرجعت إلى موسى. فقلت: حط عني خمسا. قال: إن أمتك لا يطيقون ذلك فارجع إلى ربك فاسأله

التخفيـف. قال: فلم أزل أرجع بين ربي تبارك وتعالى وبين موسى عليه السلام حتى قال: يا محمد. إنهن خمس صلوات كل يوم وليلة لكل صلاة عشر فذلـك خمسون صلاة" [البخاري بدء الخلق (٣٠٣٥)، مسلم الإيمان (١٦٢)، النسائي] واتە : ئەمجا بەرزکرایناەوە بۆ ئاسمان، جوبرەئیل داوای کرد بکرێتەوە، ووترا : تۆ کێیت ؟ فەرمووی : جوبرەئیلم، ووترا : ئەوەی لەگەڵ تۆیە کێیە ؟ فەرمووی : محمدە، ووترا : ئایا وەحی بۆ ڕەوانەکرا ؟ فەرمووی : بەڵێ وەحی بۆ ڕەوانەکرا، ئەمجا بۆیان کردینەوە، گەشتم بە ئادەم پێشوازی لێکردم ونزای خێری بۆکردم، (دواتر باسی بەرزبوونەوەی خۆی دەکات بۆ ئاسمانەکان وگەیشتی بەپێغەمبەران) تا ئەو شوێنەی دەفەرموێت : پاشان بردمیان بۆلای (سدره المنتهی) درەختێکە گەڵاکانی بەئەندازەی گوێی فیلەکان دەبێت، بەروبوومەکەشی بەئەندازەی گۆزەیەك دەبێت، فەرمووی : جاکاتێك بەفەرمانی خوا شتێك ئەو درەختەی داپۆشی چۆن داپۆشینێك کە ڕەنگی بەیەکجار گۆڕا، هیچ کەسێك لە دروستکراوەکانی خوا لەجوانیدا ناتوانێت وەصفی بکات، دواتر خوای گەورە وەحی وسروشی بۆکردم بەوەی کە کردی، ئەمجا لەشەو وڕۆژێکدا خوای گەورە پەنجا نوێژی لەسەر فەرز کردم، دوای دابەزیم بۆلای موسی (سەلامی خوای لێ بێت) پێی فەرمووم : پەروەردگارت چی فەرزکرد لەسەر ئوممەتەکەت ؟ ووتم : پەنجا نوێژ، فەرمووی : بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت وداوای لێ بکە کە بۆت سووك بکات ئوممەتەکەت توانای ئەوەیان نییە، چونکە

من لەگەڵ بەنوئیسرائیلدا ئەزمونم هەیە وتاقیم کردنەوە، گەڕامەوە بۆلای پەروەردگارم، ووتم ئەی پەروەردگارم لەسەر ئوممەتەکەمی سووك بکە، خوای گەورە پێنج نوێژی لابرد، ئەمجا گەڕامەوە بۆلای موسی و پێم ووت پێنج نوێژی لابرد، موسی فەرمووی : بگەڕێرەوە بۆلای پەروەردگارت وداوای لێ بکە کە بۆت سووك بکات ئوممەتەکەت توانای ئەوەیان نییە، پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم ) دەفەرموێت : بەردەوام بووم لەهاتووچۆ لەنێوان پەروەردگاری بەرزو بڵندم وموسی دا (سەلامی خوای لێ بێت) هەتا فەرمووی : ئەی محمد ئەوانە پێنج نوێژن خوای گەورە لەسەری فەرزکردوون لەشەو ورۆژیکدا، هەموو نوێژێك خێروپاداشتی دەنوێژی هەیە ئەوەش دەکاتە پەنجا نوێژەکە ...." موسلیم ڕیوایەتی کردووە، بەهەمان شێوە هەواڵی ڕووداوی بەرزبوونەوەی پێغەمبەر ( صلی الله علیه وسلم )نزیك لەماناو و واتاکانی فەرموودەیە هەریەك لەمالکی کوڕی صەعصەعە وئەبوذەر وابن عباس ڕیوایەتیان کردووە ولە صەحیحی بوخاری موسلیم وغەیری ئەو دوو صەحیحەشدا هاتوون .

**ئاگادارکردنەوەیەک :**

ڕووداوی شەوڕەوی وبڵند بوونەوە یەکێکە لەنیشانە وموعجیزە گەورەکان کە خوای گەورە ڕێزی پێ لێ ناوە لە پێغەمبەرەکەی ( صلی الله علیه وسلم ) ، بۆیە واجبە لەسەر موسڵمان باوەڕی تەواوی بەهەردووکیان هەبێت، کە دوو تایبەتمەندی مەزنن خوای

گەورە لەنێوان هەموو پێغەمبەرەکاندا تایبەتی کردووە پێغەمبەری ئیسلامەوە، لەگەڵ ئەوەشدا دروست نییە بۆ موسڵمان بە بۆنەی شەو ڕەووی بەرزبوونەوەوە ئاهەنگ بگێڕێت، هەروەك چۆن دروست نییە نوێژێك تایبەت بکات بەم ڕووداوەوە، وەك ئەوەی هەندێك خەڵکی عەوام ونەخوێندەوار دەیکەن، چونکە ئەمە کارێکی بیدعە وداهێنراوە لەدیندا و پێغەمبەر ( صلى الله عليه وسلم ) نەیکردووە وکەسیش لەسەلەفی صاڵحی ئەم ئوممەتە ئەنجامی نەداوە وئەوەشی لەئەهلی علیم ئەوان بەپێشڕەوی خۆیان دەزانن دانیان پێدانەناوە .

زانایانی ئەهلی سوننەتیش ئەوەیان ڕوون کردوەتەوە، کە نوێژی شەوی بیست وحەوت لە مانگی ڕەجەب وهاوشێوەکانی " هەر هەمووی بیدعە و داهێنراوون لەدینی خوادا، وە کارێکی نامەشروعیشە بەڕای زۆربەی پێشەوایانی ئیسلام، کەسێك نەزان وجاهلیش نەبێت کارێکی لەو شێوەیە داناهێنێت "پێغەمبەریش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « من أحدث في أمرنا هذا ما ليس منه فهو رد » [صحيح مسلم برقم (٢٦٩٧) ] واتە : هەرکەسێك کارێك لەم فەرمانەی ئێمەدا دابهێنێت ولەم دینەدا نەبێت ئەوە لێی وەرناگیرێت و دەردێتەوە بەسەریدا .